# ئەو فەیلەسوفەی بووە قوربانی تێگەیشتنەکانی (سهرووردی)

هەندرێن حەمەدەمین
Handren88@hotmail.com

یەحیای کوڕی حەبەش کوڕی ئەمیرەک ناسراو بە شەهابەدین، چونکە لە گوندی سهرورد لەدایک بووە پاشناوی سهروردی هەڵگرتووە. سهروەرد گوندێکە ئەکەوێتە ناوچەی زنجان و مەراغەی کۆن کە لە جوگرافیای کۆن بە ناوچەی شاخەکان ناوی هاتووە، کەوتۆتە باکوری رۆژئاوای ئێرانی کۆن کە ئەکاتە ناوچەی سنوری ئێستای کوردستانی رۆژهەڵات و باشور، ئبن خەلەکان کە خۆی بە رەچەلەک کوردە و ژیاننامەی زۆربەی ناودارانی سەردەمی خۆی و پێش خۆی کۆکردۆتەوە لەناویاندا کوردبوونی شەهابەدین سهروردی ئەسەلمێنێت و بەڕونی باس لە جوگرافیای سهرورد ئەکات. لەتەک ئەمەشدا هەموو مێژوونوسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە شەهابەدین سهروەردی خەلکی رۆژئاوای باکوری ئێرانی کۆنە، لە هەمان کات زۆر لە جوگرافیاناسانی ناوداری کۆن باسی گوندی سهروردیان کردوە و هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەکەوێتە ناوچە شاخاویەکان و نزیک بە زنجان و مەراغەیە.



ئەوە کورتەیەکە لەسەر ناو و ناونیشانی لە دایک بوونی سهروەردی، مێژوی لەدایک بوونی بۆ ساڵانی ٥٤٥ تا ٥٥٠ ی کۆچی کە ئەکاتە ١١٥٠ تا ١١٥٥ ی زاینی، ئەم مێژوەش سەردەمی دەسەڵاتی سەلاحەدینی ئەیوبیە.

سهروەردی بۆ خوێندن و فێربوون گەلێک شوێنی جیاجیا گەڕاوە، بە تایبەت ئەو شارانەی کە لەسەردەمی خۆی ناوبانگیان دەرکردبوو بە کانگای زانیاریە جۆراوجۆرەکان، وە لەلای زۆر لە کەسە ناودارەکانی سەردەمی خۆی خوێندویەتی و توانیویەتی بە ماوەیەکی کورت زانیاریەکی زۆر لە گەلێک بواری جیاجیا پەیدا بکات و ناو و ناوبانگی بڵاوبێتەوە.

بۆچون و لێکدانەوەی زۆر هەن لەسەر تێگەیشتنەکانی سهروردی، ئەوەی جێگای داخە زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکانی لەگەڵ بڕیاری کوشتنەکەی سوتێندران و لەناوچوون، مێژوونوسان بەگشتی مەزەندەی ئەوە ئەکەن کە سهروردی بەم تەمەنە کورتەی کە لە نێوان ٣٦ تا ٣٨ ساڵ ژیاوە نزیکەی ٥٠ کتابی نووسیوە کە تیایدا توانیویەتی فەلسەفەیەکی نوێ بەرهەم بێنێت ئەویش فەلسەفەی ئیشراقە، بەداخەوە تا ئێستا بە زمانی کوردی شتێکی ئەوتۆ لەسەر ژیان و بەرهەم و تێگەیشتنەکانی سهروردی نیە ئەگەر هەشبێت ئەوا من تەواو لێی بێئاگام، بەڵام بە زمانی عەرەبی و فارسی سەرچاوەی زۆر هەن کە ئەکرێت سودیان لێببیندرێت.


ئەوەی کە من بە گرینگی ئەزانم لێرەدا باسی لێوە بکەم چۆنیەتی کوشتنیەتی لەسەر تێگەیشتنەکانی، سهروردی دوای گەڕانێکی زۆر بەدوای زانین و فێربوون لە تەمەنی سەروی ٣٠ ساڵی ئەگاتە شاری حەلەب کە ئەوکات حەلەب لەژێر فەرمانڕەوایی ئەیوبیەکان بوو، ظاهری کوڕی صلاح الدین حاکمی حەلەب بووە، بە هۆی ناوبانگ و زیرەکی سهروردی حاکمی حەلەب لەخۆی نزیک ئەکاتەوە، بەلام داهێنان و تێگەیشتنە نوێکانی ئەبێتە هۆی نیگەرانی مەلا و پیاوانی ئاینی، بە زۆر شێوازی جیاواز حاکمی حەلەب ظاهری کوڕی صلاحەدین لە سهروردی هان ئەدەن، بەڵام وەک سەرچاوە مێژوویەکان باسی ئەکەن ظاهر خۆی لە ژێر کاریگەری تێگەیشتنەکانی گەنجێکی وەک سهروردی بووە، بەڵام فشاری پیاوانی ئاینی کە ئەو کات بە زانایانی ئیسلام یان فوقەها ناویان ئەبردرا وا لە حاکمی حەلەب ئەکات کە چەند رووبەڕوو بوونەوەیەک لە نێوان ئەو فوقەهایانە و سهروردی سازبکات.

دیاره ئاستی تێگەیشتن و زیرەکی سهروردی زۆر له ئاستی فوقەهاکان بەرزتر و فرەوانتر ئەبێت و سهروردیش زۆر نەترسانه و ئاشکرایانه گفتوگۆیان ئەکات.

سەرچاوه مێژوویی و لێکۆلینەوەکان دەربارەی ئەو تێگەیشتنەی سهروردی زۆریان باسکردوه، بەڵام ئەوەی که له هەمووی زیاتر باسی لێوه ئەکرێت ئەو تێگەیشتنەیه که دواجار ئەبێته هۆی تەکفیرکردنی و هەر بە هۆی ئەم تێگەیشتنەشی سزای کوشتنی بۆ دەرئەچێت.

له یەکێک له دانیشتنەکانی نێوان فوقەهاکان و سهروردی ئەم پرسیاره ئاڕاستەی سهروردی ئەکرێت، ( ئایا الله ئەتوانیت پێغەمبەرێکیتر لەدوای محمد دابێنێت؟؟؟؟) ، سهروردیش له وڵامدا ئەڵێت بەڵێ ( الله توانای بەسەر هەموو شتێک هەیه).

فوقەهاکان بەمە کافری ئەکەن و داوای سزای کوشتنی سهروردی له حاکمی حەلەب ئەکەن، سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی که ظاهری کوڕی صلاحالدین باوڕی بە کوشتنی سهروردی نابێت، هەر بۆیه فوقەهاکان پەنا ئەبەنه بەر صلاحدین و داوای کوشتنی سهروردی له صلاحالدین ئەکەن.



زۆر لەسەرچاوه مێژوویەکان پێیان وایه که صلاحالدین یەکێک بووه له دوژمنه سەرسەختەکانی زانا و فەیلەسوفان، بۆیه صلاحالدین لەسەر داوای فوقەهاکان فشار ئەخاته سەر ظاهری کوڕی و فرمانی کوشتنی سهروردی دەرئەکات و کتێبەکانی ئەسوتێندرێت.

دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانه، سهروردی بە چەندین ناوی سەرنجراکێش ئەناسرێت لەوانه **( فەیلەسوفی کوژراو ، شێخی کوژراو ، لاوی کوژراو ، سۆفی شەهیدکراو ، وە چەندین ناویتر)**

ئەگەر ئەوه دەروازەیەک بێت بۆ ناسینی سهروردی لەلای خوێنەری کورد هیوادارم که به هەوڵ و کۆششی رۆشەنبیرانی کورد دەست بکرێت بە کردنەوەی دەرگاو پەنجەره داخراوەکانی ئەم جیهانه بەرفرەوانەی سهروردی و جهانی جەنگی نێوان شومشێر و قەلەم و جیهانی ململانێی نێوان بیروباوڕی کۆنەپەرستی و پێشکەوتوخوازی.

سەرچاوەکان:


http://baghdadee.ipbhost.com/index.php?showtopic=668

http://www.almustaqbal.com/nawafez.aspx?StoryID=201643

http://www.gilgamish.org/viewarticle.php?id=kurdish_persons-20061119-326

http://www.intiqadonline.com/archive/2004/1601/educ/doc5.htm

http://www.shrooq2.com/vb/showthread.php?t=4268


ئەمانه و گەلێک سەرچاوەیتر ئەگەر هەر بەڕێزێک بیەوێت ئەتوانێت له گووگل بەدوایدا بگەڕێت.

۹ی ۱۱ی ۲۰۰۷